# هونەری کۆریۆگرافی

**د. کەیفی ئەحمەد**
**(زانکۆی کۆیە – بەشی زمانی کوردی)**

کۆریۆگرافی: واتای وشەی (کۆریۆگرافیا) بە شێوەی وشە بە وشە (نووسینی سەما) دەگەیەنێت، کە لە وشەی (χορεία) یۆنانی بەواتای (سەمایەکی بازنەیی) و وشەی (γραφή)، واتە (نووسین) دێت، وەرگیراوە، یەکەم جار لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی ئەمریکی، لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوتووە، هەروەها وشەی (نەخشەدانەری سەما)، یەکەم جار وەک دەستمایەیەک بۆ (جۆرج بالانشن) لە نمایشی برودوای On Your Toes ساڵی ١٩٣٦ بەکارهاتووە.

کۆریۆگرافی بریتییە لە هونەری نەخشەکێشان و ڕیکخستنی جووڵە و ڕێکخستنی ئەندازیارییانەی سەما لە نمایش و سەماکردن و ئەداکردنی جووڵەییدا، بەو کەسەی نەخشەی جووڵە و ڕیکخستن بۆ سەما دەکات، دەگوترێت (کۆریۆگراف)، کۆریۆگرافیەت بە یەکێک لە هونەرەکانی سەما دادەنرێت، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە جوانکردنی نمایش و گوزارشتکردندا دەگێڕێت.

کەواتە نەخشەدانانی سەما (کۆریۆگرافیا): بریتییە لە کارکردن لە نەخشەدانانی زنجیرەیەک لە جووڵەی جەستەی ماددی، یان (وێنەکانیان) دا، ئەوانەی تێیاندا جووڵە، یان شێوە، یان هەردووکیان دیاری بکرێت.

(کۆریۆگراف) دەتوانێت نەخشە بۆ خۆی دابنێت، هونەری کۆریۆگرافیا دیاریکردنی جووڵەی مرۆڤ و شێوەکەی، ڕووبەرێک و شێوەیەک و کات و وزە لەخۆدەگرێت، ئەمانە هەمیشە لە بوارێکی سۆزداری، یان ناپیشەییدا دەبن، زمانی جووڵە لە تەکنیکەکانی سەمای باڵێ و سەمای هاوچەرخ و سەمای جاز و سەمای هیپ هۆپ و سەمای میللی و سەمای ئایینی و جووڵەی پیادە، یان (تێکەڵەیەک لە هەردووکیان) وەردەگیرێت.

کۆریۆگرافیەت، پشت بە ڕێکوپێکی و گونجان لەنێوان جووڵە و هەنگاوەکاندا دەبەستێت، بۆ دروستکردنی سات (لحظة)ی هونەری جیاواز و جیاکەرەوە، (کۆریۆگراف) جووڵەکانی سەماکەرەکان و ڕێکخستنیان لە شانۆ، یان بۆشایی تایبەتکراو بە نمایش دیاری دەکات، کۆمەڵێک شێوەی تەکنیکی هەمەجۆر بۆ کاریگەری و سەرنجڕاکێشی ئەداکردن بەکاردەهێنێت.

کۆریۆگرافیەت بە کارێکی هونەری دادەنرێت، کە پێویستی بەداهێنان و بۆچوون و تێڕوانینی هونەریی بەهێز هەیە، دەکرێت لە جۆری جیاوازی سەمادا بەکاربهێنرێت، وەک (بالێ، سەمای نوێ، سەمای میللی، هیپ هۆپ) و چەندانی دیکە.

لە چوارچێوەی کۆریۆگرافیەتدا، بە شێوەی ئیستێتیکی و هونەرییانە سەماکاران گوزارشت لە بۆچوون و هەست و سۆز و چیرۆکەکانی خۆیان دەکەن، هەروەها پەیامێک، یان بیرۆکەیەکی دیاریکراو بۆ جەماوەر و بینەران دەخەنەڕوو، نمایشە سەماییەکان، کە بە کۆریۆگرافی بەرنامە بۆداڕێژراو دەناسرێن، دەکرێت ببنە ئەزموونێکی وروووژێنەر و کاریگەر بۆ بینەران.

واتە کۆریۆگرافی بریتییە لە زانستی سەما، کە یەکێکە لە گرنگترین لایەنەکانی سەما، نەخشەکێشەرانی ساما بە کەسانی داهێنەری سەما دادەنرێن، کە دەتوانن نەخشە بۆ هەر ژمارەیەک لە کەسانی بەشداربووی سەما دابنێن، هەتا هەندێک جار نەخشەکێشان تەنیا بۆ خودی خۆی دەبێت و هەندێک جاری دیکەش بۆ کۆمەڵی گەورە گەورە و ژمارەی زۆر لە سەماکاران دەبێت، لەکاتی کۆبوونەوەی جووڵەی سەمایی هەمەجۆر بەیەکەوە، کە نەخشەدانەرانی سەما هەمیشە هەوڵ دەدەن، ئەو ڕێگەیە بەکاربهێنن، بۆ پشتگیری و هێنانەکایەی ئیستێتیکای سەما.

ئاشکرایە هەست و سۆز، کە نەخشەدانەری سەمایە، هەوڵ دەدات لە چوارچێوەی سەمادا بیگوێزێتەوە، لەوانەیە بەپێی گۆرانییەکە و بۆنە دیاریکراوەکە بگۆڕێت، دەتوانێت بۆ دروستکردنی سەماکانیان دوو سەمای جیاواز و شێوازی جیاواز تێکەڵ بە یەکدی بکات.

وەک گوتمان زاراوەکە گوزارشت لە کۆمەڵێک



جووڵەی سەمایی دەکات، کە گوزارشت لە هەست و سۆزی دیاریکراو دەکەن، لە چوارچێوەی کۆکردنەوەی جووڵەی سەما بە یەکەوە، نەخشەدانەران جەخت دەکەنەوە، کە جەستە لە جووڵەی هەمەچەشنەدا بەردەوام دەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەو جووڵەیە جێگیریش بوو، ئەم مەبەستە بەردەوامە بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگە، کاتێک کارەکە پێوەندی بە جێبەجێکردنی کۆریۆگرافیاوە هەیە، لەبەر ئەوەی کاتێک بڕگە و جووڵەکان ناڕوون بوون، شلۆق و ناشیرین دەبن، بەتایبەتی لە کۆمەڵی گەورەی سەماکاراندا، بڕگەی سەمای هەمەجۆر بۆ گوزارشتکردن لە کۆمەڵەی هەمەجۆر لە هەستەکان بەکاردێت، دەکرێت لەکاتی سەماکاندا دووبارە بکرێنەوە، بە پشتبەستن بە ڕیتمی شێوازی سەماکە، گۆرانییەکە و ئەو ڕیتمەی هاوەڵی سەماکە دەکات.

بڕگەکان لە سەمادا بەشێوەی هاوشێوە بەکاردێن، بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی لە نووسیندا، دانانی بڕگەکانی سەمای هەمەجۆر بەیەکەوە جێبەجێ دەبێت، هەروەها ڕێکخستنیان بۆ دروستکردنی سەمایەکی تەواو و گواستنەوەی بیرۆکەیەکی دیاریکراو.

هەمیشە هەموو بڕگەیەکی سەما وەستانێکی

کـورت، یـان جووڵەیەکـی بەهێـز لەخۆدەگرێـت، کـە لـە بڕگەکانـی دیکـە لـە سـەماکەدا جیـای بکاتـەوە، هەروەهـا ئاسـتی ئاڵـۆزی بڕگـەی سـەما لەچوارچێـوەی ئـەو جووڵانـەی، کـە لێـی پێکهاتـووە، دیـاری دەکرێـت، هەندێـک جـار بـۆ جەختکردنـەوە، ئـەو بڕگانـە لـە سەرتاسـەری بەشـەکە دووبـارە دەبنـەوە، یـان بـۆ تێگەیشـتن لـە بەهـای شـۆکهێنەردا.

## بنیادنانی سەما

ئـەوەی مەبەسـتی سـەما دیـاری دەکات، بریتییـە لـە بنیادنانەکـەی، کاتێـک کارەکـە پێوەنـدی بـە چەنـدان سـەمای ئایینـی و ڕۆشـنبیرییەوە هەبـوو، ئـەوە دروسـتکردنی پەیکەرەکـەی بـۆ گوزارشـتکردن لـە چیـرۆک و سـۆزی ئایینـی بەشـێوەیەکی قایلکـەر و دەسـەڵاتدارانە دەبێـت، لـە سـەمای هیـپ هۆپـدا، دەکرێـت ئـەم بنیـادە بـۆ گەیاندنـی ڕۆشـنبیری و پەیرەوکرنـی چیرۆکەکانـی هیـپ هـۆپ بەکاربێـت، هەمیشـە ڕێکخسـتنی سـەماکان بـۆ گەیاندنـی چیـرۆک و دروسـتکردنی هەسـت لـەلای جەمـاوەر جێبەجـێ دەکرێـت، بـەڵام لەهەمـان کاتـدا دەکرێـت سـەماکان بـەو مۆسـیقایەی بـۆی دیـاری دەکرێـت، کاریگەربـن، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، چونکـە سـەما بـۆ گەیانـدن بـە شـێوەیەکی زۆر پشـت بـە مۆسیقا و ئـاواز و ڕیتم دەبەستێت، بەبـێ پێوەنـدی بەسـتن لەگـەڵ مۆسـیقادا، ئـەوە نەخشەکێشـان بـۆ سـەما کەموکورتـی تێدەکەوێـت.

وەک زۆربـەی هونەرەکانـی دیکـە، نەخشـەدانان بـۆ سـەماکان لـە فێرکـردن و تـەواوکاری، کات و ماندوبوونـی زۆر دەخایەنێـت، باشـترین ڕێگـە بـۆ دەستپێکردنی گەشتەکەت تـا ببیتـە نەخشـەدانەری سـەما بریتییـە لـە تەرکیزکـردن لـە نـاخ و خـودی خـۆت، هەروەهـا لـە پێوەنـدی بەردەوامـدا بیـت لەگـەڵ ژینگەکـەت و ڕۆشـنبیرییەکەت، لەوانـەش گرنگتـر ئـەو مۆسـیقایەیە، کـە لەسـەری، یـان لەگەڵیـدا سـەما دەکەیـت.

بـۆ وەدەسـتهێنانی گەورەتریـن کاریگـەری، نەخشەکێشانی سەما پێویستی بە گوزارشتکردنی لـە شـتێکی وەک سـۆزداری، بیرۆکەیـەک، چیرۆکێک هەیـە، لەچوارچێـوەی تەرکیزکـردن لـە نـاخ و خـودی خـۆت و دەرهێنانـی بیرۆکەکانـە لـە شـتی گرنـگ بـەلای خۆتـەوە، دەکرێـت بـە شـێوەیەکی باشـتر سـوود لـە جۆرەکانـی چیـرۆک وەربگریـت، هەروەهـا لـە هەسـت و سـۆز و ئـەو بیرۆکانـەی، کـە دەتەوێـت گوزارشـتیان لـێ بکەیـت، لەچوارچێـوەی سـەماکەت و نەخشـەدانی سـەمادا.

## پێداویستییە فێرکارییەکانی نەخشەدانەری سەما

هەمیشـە نەخشـەدانەرانی سـەما خاوەنـی چەنـدان سـاڵی خزمەتکردنـن بـۆ پەیداکردنـی شـارەزایی و پیشـەگەریی لـە کارەکەیانـدا، کـە ڕاهێنانەکانیـان لەسـەر سـەما هەمیشـە لـە تەمەنـی زۆر زوودا دەسـت پـێ دەکات، بەپێـی ئـەوەی لـە کۆمەڵـەی ئەمریکـی بـۆ شـانۆی کۆمەڵایەتیـدا تۆمارکـراوە، ئـەو کەسـانەی، کـە ئارەزوویـان کارکردنـە لـە پیشـەی نەخشـەدانانی سـەما، دەبێـت لەکاتـی ئەداکردنـی کارەکـەوە دەسـت پـێ بکـەن.

لـەو کاتـەدا بڕوانامـەی کۆمەڵـە بـۆ ئـەوەی وەک سـەماکەر، یـان نەخشـەدانەری سـەما کاربکەیـت، بـۆ ئەوانـەی گرنگـی بـەو هونـەرە دەدەن، دەکرێـت چاودێـری پرۆگرامەکانـی ئاسـتی بەکالۆریـۆس لـە سـەمادا بکـەن، بـۆ شـارەزابوون لـە شـێوازەکانی سـەما و تیـۆری سـەما و پێکهێنانـی، هەروەهـا پرۆگرامـی ماسـتەریش لـە کۆریۆگرافـی بەردەسـتە و دەتوانێـت وەدەسـتی بێنێـت. ئـەو پرۆگرامانـە

کە ماوەکانیان دوو ساڵە، تەرکیز لەسەر مێژووی نەخشەدانانی سەما دەکەن، سەرەڕای تەرکیزکردن لەسەر دروستکردنی سەمای ڕەسەن و کارکردن لەگەڵ هونەرمەندانی ئەداکەردا، بێجگە لە بینینی خولی خوێندن و بواری ئەداکردن، کە لەوانەیە داوا لە خوێندکار بکرێت، تێزەکەی لەسەر بوارێک بنووسێت، کە ڕوانگەیەکی هونەری و تیۆری کۆریۆگرافی لەخۆبگرێت.

هەروەها نەخشەدانەری سەما دەتوانێت بەدوای کاردا بگەڕێت، نەک تەنیا لەگەڵ دامەزراوە و لایەنی تایبەت بە سەما، بەڵکوو لە دروستکردنی فیلمەکان و کاری تەلەڤزیۆن و ڕیکلامەکانی بازرگانی، لەگەڵ ئەوەی، کە بڕوانامەی زانکۆیی کەمترین گرنگی بۆ سەرکەوتنی نەخشەدانەری سەما هەیە، بە بەراورد بە ئەزموونەکەی وەک سەماکەر، بەڵام بە هۆی بڕوانامەوە دەتوانێت زانست و زانیاری و تێگەیشتنی لە بوارەکەدا زۆرتر و قووڵتر و بەسوودتر بێت، هەتا ئەوەی، کە نەخشەدانەرانی سەما دەتوانن ڕووبەڕووی بۆشاییەکانی دامەزراندن ببنەوە، هەروەک چەندان هونەرمەندی دیکە کار لە دامەزراوە دەوڵەتی و تایبەتییەکاندا بکەن.

## تەکنیکەکانی کۆریۆگرافیا

نەخشەدانان بۆ سەماکان لەمیانەی جێبەجێکردنی بە یەکێک لە دوو ڕێگە سەرەکییەکە، یان هەردوویان جێبەجێ دەکرێت:

١. ئیرتیجالی: نەخشەدانەر ئەنجام، یان (ڕێنمایی گشتی) بە سەما، بە سەماکاران دەدات، کە ئامۆژگاری و ڕێنماییین بۆ جوولەی ئیرتیجالی شێوەیی، بۆ نموونە، لەوانەیە ڕێنمایی سەماکارێک بکات، بۆ پاشگەزبوونەوە



لە سەماکاری دووەم، ئەوەی ڕێنمایی کراوە بە ڕۆڵەکەی بۆ نەهێشتنی پاشگەزبوونەوە، یان لەوانەیە زنجیرەیەک جوولە دیاری بکات، ئەوەی کە بەڕێگەی ئیرتیجالی لەچوارچێوەی ڕستەیەکی مۆسیقیدا جێبەجی دەکات، هەروەها لە نەخشەدانانی سەمای کۆنترادا ئاستی ئیرتیجالی بوارێکی فراوانتر بۆ شیکردنەوەی خودی بۆ سەماکەر پێشکەش دەکات.

٢. نەخشەدانانی سەمای پلان بۆدانراو: پێویستە نەخشەدانەری سەما، جوولە و شێوە بە ورد و درێژی بنووسێت و بوارێکی کەم و کز بۆ سەماکەر بۆ ئەداکردنی بۆچوون و شیکردنەوەی خودی جێ بێڵێت.